www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:16 5-4-2007

جەمشید... نەهاتنی باشتر دبوو لەهاتنی ... ئەحمەد کەورکوکی

akarkuki@yahoo. com

لە رێگای سایتی ئازیزی کوردستان نیت هەردوو دەقە نووسینەکەی خوشکی بەرێزم شادان وکاکە ئەزمڕی خۆشەویستم خوێندەوە بەراستی راست دواون سەبارەت بەهاتن وکۆنسێرت سازکردنی ئەو برادەرەی جەمشیدی ناوە، لەوانەیە شتێکی وا زیاتر لەوان نەبێژم چونکە خەڵکیش بەقسەکانم هیلاك ناکەم، لەم سەردەمی هەبوونی ئازادی و دەرفەتی باش بۆ خزمەت کردنی هونەری رەسەنی لای خۆمان کەچی تازە بەتازە بە ئیدیعاکردن بۆ گۆرانی فارسی گەرەکمانە خزمەت بە هونەر بکەین بەڵام پرسیارئەوەیە کامە هونەر... ! کاك ئەزمڕ گوتەنی ئەوەی زەکەریای هونەرمەند لەماوەیەکی کورت بۆخزمەتی هونەری میللەتکەی کاری بۆ دەکات وشتێکی گەورەی بەدەستهێناوە خەریکە بەکاری وا و خۆمان بەدەست و بریاری خۆمان کاری هونەری کوردی ئەبەینەوە بۆ دواوەوە، جیا لەکاك زەکەریاش هونەرمەندانی کورد چ لێرە چ لەهەندەران ئەوانیش زۆر بێت یا کەم کاری پیرۆزی خۆیان ئەنجام داوە دەستیان خۆشبێت، بەڵام لەم جۆرە کۆنسێرتەی کە منیش وەك خاتوو شادان بەشەرمی دەزانم نەك هەر سەیری بکەم بەڵکە ناوی کوردیشی لێبنێم، من شتێکی سەیرم بینی بەلای منەوە سەیرە گەر وا راستبێت ناوی بنێم داستانی مێژووی نەورۆز کەلەرۆژهەڵاتی کورستان سەری هەڵداو ئەو برادەرەش بەحیساب کەخەڵکی ئەو پارچەیە، ئافەرین دوو دێڕی سروودی نەورۆزت ئەزبەر نەکردبێت چۆن چۆنی تۆ هونەرمەندی کوردیت و دەتەوی خزمەتی بکەی خۆ منداڵێکی ساواش هەر هیچ نەبێت چەند دێڕێکی سروودی نەورۆزی لەبەر کردووە چ جای بەهەڵە وتنەوەی و لەسەر کاغەز خوێندنەوە کە هەق وابوو پێشتر چاوخشانەوەیەکی بۆ بکردایە... !! من لەو باوەرم ئەم هەڵەیە کی بە زاگرۆس کردوویەتی ئەوەیان نازانم چونکە زاگرۆس لەوە بەگەورەتر دەبینم وەك برادەرانی ئازیز تکاش دەکەم شتی لەم جۆرە دووبارە نەبێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.